# چەند فەتوایەك دەربارەی كۆكردنەوەی نوێژ

[ بە كوردی ]

# فتاوى في جمع الصلاة

[ باللغة الكوردية ]

فتوای: لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و رێنمایی

المفتي : اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان
لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# چەند فەتوایەك دەربارەی كۆكردنەوەی نوێژ

پرسیاری نۆیەم لەفەتواكان ژمارە( 16371 )

هەندێ جار بەڵام بەكەمی، دوو نوێژی فەرز كۆدەكەمەوە لەبەر سەفەركردن یان هەندێ جاریش بەسەهوو دەچم ، ئایا چۆن لەم خووەدوور بكەومەوە؟ وەبیستوشمەكەدروستە دوو نوێژ لەیەك كاتدا كۆیكەیتەوە.

وەڵام : واجبە هەموو نوێژەكان لەكاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن ، مەگەر كاتێك لەسەفەردا بیت ، چونكە لەسەفەردا دروستە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێكەوە كۆبكەیتەوە، هەروەها نوێژی شێوان وخەوتنانیش پێكەوە كۆبكرێتەوە لەیەك كاتدا ، هەروەها دروستە لە كاتی نەخۆشیشدا بەهەمان شێوەكۆیان بكەیتەوە، كاتێ كەزانیت ناڕەحەت دەبیت ئەگەر كۆیان نەكەیتەوە.

پرسیاری نۆیەم لەفەتواكان ژمارە( 20619 )

دەڵێن كۆكردنەوەی نوێژ بەبێ هیچ ( عذر ) بیانویەكی شەرعی دروستە بۆ نمونە نوێژی شێوان لەگەڵ خەوتنان وەنوێژی نیوەڕۆ لەكەڵ عەسر كۆبكەیتەوە، ئەگەر چی كۆكردنەوەو پێشخستن بێت یان دواخستن ، دەڵێن جونكە ئەو خەڵكەجووتیارن وشوانی مەڕو ماڵاتن لەبەر ئەوە دروستە نوێژ كۆبكەنەوە؟

وەڵام : واجبە موسڵمان هەموو نوێژەكانی لەكاتی خۆیدا بكات و ئەنجامیان بدات بە پێیەی خواو پێغەمبەری خوا ( درودی لەسەر بێت ) ڕۆشنیان كردوەتەوەو بەیانیان كردوە بۆ موسڵمانان وەك خوای گەورە دەفەرموێت:   { إنّ الصّلاة كانَت على المؤمنينَ كتاباً موقوتا } جا لەبەر ئەوە دروست نی یە دوو نوێژ كۆ بكرێتەوەوە بێ هیچ (عذر ) بیانویەكی شەرعی وەكو سەفەر كردن و نەخۆشی بارانی زۆر .

پرسیاری چواردەهەم لەفەتواكان ( ژمارە( 17883 )

لەڕیوایەتی ئیمامی موسلیم دا هاتووەكەپێغەمبەری خوا ( درودی خوای لێ بێت) نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێكەوە كۆكردوەتەوە و نوێژی شێوان و خەوتنانیشی پێكەوە كۆكردەوتوە بەهەمان شێوە لەناو شاری مەدینەدا بووە_ واتە لەسەفەردا نەبوە_ بەبێ بوونی ترس وباران بارین، هەر لەم بارەیەوە ووتراوە بە ئیبن وعەباس و ئەم پرسیارەی

لێ كراوه ئەویش ووتویەتی : ئەوە بۆ ئەوە بووە عبادەت و خواپەرستی لەسەر ئومەتەکەی گران نەبێت ، ئایا ڕاستی ئەم فەرموودهیە تا چەندێکەو دەرەجەی صحەی چەندە؟ وە ئایا ئەگەر فەرموودەکە صەحیحە بۆ ئێمە درووستە کە نوێژەکان کۆ بکەینەوە هەروە کو پێغەمبەری خوا ( درودی لەسەر بێت ) کردوونی، بەڵام بەشێوەی هەمیشەیی ، وە ئایا چۆن جەمع و تەوفیق دەکرێت لەنێوان ئەم فەرمووده و ئایەتی : { إنّ الصّلاة كانَت على المؤمنينَ كتاباً موقوتا } واتە : ( نویژەکان کەلەسەر موسڵمانان فەرزن بەشێوەیەکی دیاری کراو لەکاتەکانی خۆیاندا ) ؟

وەڵام : ئەم فەرموودەیە بەڵگە نی یە لەسەر ئەوەی کە دروست بێت هەمیشە نوێژەکان کۆبکرێتەوە، چونکە ئەمە پێچەوانەی سوننەت و کرداری پێغەمبەری خوایە( درودی خوای لەسەر بێت ) کەئەو هەموو نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا کردوون ، هەروەها پێچەوانەی زۆرێك لەفەرموودەی تریشە، کەبەڵگەن لەسەر دیاری کردن ودەست نیشانکردنی کاتی نوێژەکان، ئەم فەرموودەیەش سەرجەم زانایان کۆن ویەکڕان لەسەر کارپێنەکردنی هەروەکو ئیمام تورموزی دەفەرموێت : ( پێدەچێت پێغەمبەری خوا ( درودی خوای لەر سەر بێت ) لەبەر (عذر) بیانویەکی شەرعی ئەوەی کردبێت جگە لەترس وباران بارین وسەفەر کردن ) .

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام | بەرێوەبەر |
|---|---|---|---|---|
| بكر أبو زيد | صالح الفوزان | عبد الله بن غديان | عبد العزيز آل الشيخ | عبد العزيز بن باز |

خواش پشت وپەنای هەموو لایەکەو درودو سڵاوی خوای گەورەش لەسەر گیانی پیشەوامان محمد و ئەهل وبەیتی و هاوەڵ وشوێن کەوتوانی

وەرگێرانی : زاگرۆس هەمەوەند